# ڕەهەندە شاراوەکانی نێوان بلیمەتی وشێتی

ئەنوەر حسێن (بازگر)

((تاڵە موویەکی باریک بلیمەتی لەشێتی جیادەکاتەوە))
ئایا ئەو بارودۆخە تایبەتو ناسروشتیو نێرۆسیسەی لەناو نوسەرو هونەرمەندو فەیلەسووفەکاندا هەیە، ئەو ڕەفتارە نامۆو ئاڵۆزو سەیرانە بەشێکن لەچەمکی شێتی ؟...

## شێتی چییە؟ پەیوەندی نێوان بلیمەتو شێتی چییە؟

لەمبارەیەوە ئەحلام مستەخانمی لەڕۆمانی (زاکرە الجسد)دا دەڵێ:"تەنها شێتەکان دەتوانن داهێنانی گەورە بخەنەوە"، (بێگومان لێرەدا ئەحلامو هاشم ساڵحو ئەندرێ مۆرۆ، هاوڕان لەسەرئەوەی پەیوەندیەکی پتەو لەنێوان ئەفراندنو شێتیدا هەیە).
مۆرۆ پێیوایە گەر ئەم شێتەیە نەبوایە، بەشێك لەژیانی نوسەرو فەیلەسوفەکان بەو شێوەیە نەدەبوو، هەروەها نەدەبوونە خاوەنی ئەو داهێنانە گەورانەی کەخستیانەوە، بەنموونەش (بلزاك، دیستۆفسکی، فلۆبێر).
یان بەواتایەکی تر، کەس ناتوانێ نکۆڵی لەداهێنانو گەورەییەکانی (نیتشە، هۆڵدەرلین، ڤان کوخ) بکات، لەگەڵ ئەوەشدا کە شێتی بەشێکی گەورەی ژیانو نووسینەکانیان بووە، بەڵام پێدەچێت خودی شێتیش داینەمۆی بەشێکی زۆری داهێنانەکانی ئەو فەیلەسوفانە بێت.
ئەفلاتون دەڵێ :"کەسانی بلیمەت بەئاسانی توڕەدەبنو لەپێستی خۆیان دەردەچن، بەجۆرێك دەژین، وەك بڵێی بەپێچەوانەی خەڵکی ئاسایی، ئەمان لەدەرەوەی زەمەنو بوون دەژین".
ئەگەر چی ئەرستۆ ئەم شێوازەی شێتییە، بەچەند قۆناغ دابەشدەکات و دەڵێ "شڵەژانی فیکری، خەمۆکی، یان نەخۆشی مالیخولیا، مەیلی مرۆڤ بۆ تەنیاییو دورەپەرێزیو تێرامان دەستپێدەکاتو هەندێکجار بەفێڵێهاتن، یان شێتبوونو تەنانەت خۆکوشتن کۆتایی دێت.
زۆربەی قسەکان دەچنەوە سەرئەوەی، کەسایەتی مەزن، بەبێ هەندێك لەشێتی بوونی نییە، یان پەیوەندیەکی گەورە لەنێوان بلیمەتی وشێتدا هەیە، لەمبارەیەوە دەکرێ کەسانی وەك (نیتشە، فۆکۆ، باسکاڵ، ڕۆسۆ، ڤێرجیناوۆلف، بۆدلێر، ڤۆلتێر....) بەنموونە وەربگرین.
لێرە نموونەیەکی لێکۆڵینەوەکەی دکتۆر (لولوت) دێنینەوە کەشتێیەکەی (سوکراتو باسکاڵ)ی ناوناوە (شەیتانی سوکراتو نوشتەی باسکاڵ)و بەبۆچوونی ئەو، بلیمەت ئەو کەسەیە کەلەلایەن شەیتانی بلیمەتیەوە دەستی لێوەشێنراوە.
هاشم ساڵح پێیوایە نووسەرانو ڕۆشنبیرانی عەرەب، هەرگیز ناتوانن باسی نێرۆسیسیو حاڵەتە دەرونییەکانی خۆیان بکەنو بگرە هەوڵی شاردنەوەی دەدەنو دەڵێ"ئەوان زۆر لەمەیلی شێتی تێیاندا باڵادەستە"، بەڵام ناوێرن ڕاستی بڵێن، چونکە دەترسن بەوەی



بە(شێت) ناوببرێن.
تاكە جیاوازی ئەوەیە فەیلەسوف و شاعیرو نووسەرە ئەوروپییەكان، نەك ناترسن، بەڵكو پێیانوایە ئەمە حاڵەتێكی سروشتییەو شاردنەوەی كارێكی نەشیاوە، بەتایبەتی كەئەم چەمكە پەیوەستە بەبلیمەتی و داهێنانەوە، ئەگەرچی هاشم پێیوایە، هەموو بلیمەتێك شێت نییەو هەموو شێتێكیش بلیمەت نییە، بەڵام حاڵەتێكی تایبەت هەیە بەشكڵێكی زۆر، ئەویش ئەوەیە بلیمەت بوونەوەرێكی ناكۆمەڵایەتییەو زیاتر مەیلی بۆ تەنیایی و دورە پەرێزی و كەنارگیری هەیە.
رامبۆ، لەكاتی تەنیایی و ئازاردا، دەبووە سۆفی و داهێنانی گەورەی دەخستەوە، گەرِوانەبێ چۆن تەنها لەماوەی چوار ساڵدا هەموو شیعرەكانی دەنووسی.
دیكارت پاش ئازارو هیلاكی و سەرلێشواویی فەلسەفەی عەقڵانی بەرهەمهێنا،گوتە بەئازارو نەخۆشی و كێشەیەكی زۆرەوە نرخی بلیمەتی و داهێنانەكانیداوە.
هاشم سالح پێیوایە، چۆن شێتی و بلیمەت دوو چەمكی پێكەوە گرێدراوە، بەڵام بلیمەتی جگە لەبەهرە پێویستی بەهەوڵ و كۆششی گەورە هەیە.
لەمبارەیەوە بلزاك بۆ (ڤانیسكای) خۆشەویستی دەنووسێ و دەڵێ "ژیانی من (١٥) كاتژمێر كاركردن و قەهرو عەزاب و پاكنووس و رێكخستنی رستە و دەستەواژەیە...
بلزاك شەوان كاتژمێر (١١) پەنجەرەكانی دادەخست و تا بەرەبەیان دەینووسی و بەردەوام قاوەی دەخواردەوە.
ئەگەر چی بۆ چۆنێك هەیە، كەپێیوایە نووسەرو بلیمەتەكان، خەڵكانێكی بێ ئیحساس و بێ سۆزن و هیچ پەیوەندیەكی خێزانداری و كۆمەڵایەتیان نییە، حەز بەقەرەباڵغی و كۆڕو میوان ناكەن، بەڵام لەراستیدا ئەمە پەیوەستە بەكاتی كاركردن و نووسین و داهێنانەوە (دیكارت) بەهۆی ئەو مەسەلەیەوە فەرەنسای جێهێشت.
بۆیە دەتوانین بڵێین(بلیمەتی و شێتی) زۆرجار دەبنەهۆی نامورتاحی و جێگەی سەرنجی خەڵكی و بێزاربوون، هەربۆیە تەنانەت خۆیان لەمنداڵ و ژن و خێزان دورپەرێز گرتووەو لەمبارەیەوە هەر كام لە(دیكارت، كانت، سپینوزا، نیچی، سارتەر، فۆكۆ) ژنیان نەهێنا.
شێتی شونبهاوەر گەیشتە ئەورادەیەی، كەهەستیدەكرد هەمیشە كەسێك بەدوایدا كەوتووە، تا داهێنانەكانی بكوژێت.
(كامۆ) هەمیشە هەستی بەنیگەرانی دەكردو زۆرجار لای هاورێكانی باسی خۆكوشتنی خۆی دەكردو هەر ئەوەشە رەنگە وایلێكردبێت (ئەفسانەی سیزیف) بنووسێت.
گرێی دەرونی (بۆدلێر)بەهۆی خۆشەویستی بۆ دایكی و شوكردنی بەژەنراڵێك پاش مردنی باوكی، وایكرد هەمیشە هەستیدەكرد غەدری لێكراوەو چەندینجار هەوڵی خۆكوشتنیدا، دواجار دەڵێ"خۆم دەكوژم و توانای ژیانم نەماوەو دەمەوێت بۆهەمیشە بنووم".
هاشم سالح دەڵێ "جیاوازی بلیمەت و شێتی ئەوەیە، قەیرانی بلیمەت لەرێگای داهێنانەوە ئاوا دەبێ، قەیرانی شێتی بەرەو ورێنەیەكی بەتاڵ و كاری ناشایستەی دەبات، واتا گەر داهێنانی گەورە نەبوایە، ئەوا بلیمەت دەبوو بەكەسێكی شێت.
خاڵێكی تر هەیە ئەویش بەهرەمەند نەبوونی بلیمەتەكانە لەناو داهێنانەكانیان و ئاسودەیی، وەكو لەژیانی ڤان كۆخ و نیچەو ڤێرجینا وۆلف دەردەكەوێت، ڤان كۆخ هەمیشە برسی و هەژار بوو، نیچە كەس هەستی بەگەورەیی نەدەكرد، وەك خۆی دەڵێ "هەندێ كەس لەپاش مردن لەدایكدەبن رۆژی منیش دێت، بەڵام لەژیاندا نابم.
وۆلفیش پاش تامكردنی لەزەت خۆی كوشت

***خوێندنەوەیەكە بۆ كتێب لەنێوان (بلیمەتی و شێتی)دا**
**نووسینی هاشم سالح وەرگێڕانی نەوزاد ئەحمەد ئەسود**
**دەزگای سەردەم (٢٠٠٢)**

a_bazgr@yahoo.com

